# پاریسی گڕگرتوو و کوردستانی خامۆش

ئەمجەد شاکەلی

وا بوو یازدە ڕۆژ دەچێت لاوان و بیانییان و بێکارانی گەڕەکە هەژارەکانی پاریس دژی دەسەڵات و نایەکسانی و نادادی و بێکاری و ڕەگەزپەرستی و پەراوێزاندن، ڕاپەڕیون و جامی تووڕەیی خۆیان بە سەر دەسەڵات و دەسەڵاتداران و نوێنەرانی دەسەڵاتدا هەڵدەڕێژن. ئەوانەی ڕاپەڕیون مێردمنداڵان و لاوانی وەچە و نەوەی دووەم و سێیەمی بیانیگەلێکن، کە باوک و دایک و باپیر و داپیریان، لە وڵاتگەلی ژێردەستەی فرانساوە هاتوون و هەمیشە وەک نۆکەر چاویان لێ کراوە و ڕەوتاریان لەگەڵ کراوە. ئێستایش نەوەکانی ئەوان دوای نێزیکەی یەک سەدە هەر بەو چاوە تەماشا دەکرێن و ڕەوتاریان لەگەڵ دەکرێ. ڕەگەزپەرستان و سەرمایەدارانی بێویژدان، ئەوان بە مرۆڤ نازانن و وەک ئامێرێکی کار و مشەخۆر لێیان دەنۆڕن. لە 6ی دیسەمبەری 1986، لە یاخیبوونێکی خوێندکاراندا، خوێندکارێکی تەمەن 22 ساڵ بە نێوی "مالیک ئوسەکین" لە لایەن پۆلیسەوە کوژرا. مارییا شۆتینیووس( Maria Schottenius)، لە گوتارێکیدا لە ژێر سەردێڕی پاریس دەسووتێ(Paris brinner) لە ڕۆژنامەی داگنس نویهێتەر(Dagens Nyheter)ی سوێدیدا، دەڵێ:"لە 1986دا، کە یاخیبوونێکی خوێندکاران ڕووی دا و کە مالیک ئوسەکین لە لایەن پۆلیسەوە کوژرا، ئێمە لە پاریس دەژیاین ، یەکێک لە هاوسێیەکانمان گوتی: ئەوەی کوژرا خوێندکار نەبوو، عەرەبێک بوو"[1]. ئەوە "عەرەبێک بوو"ە، دوور لە گیانی ئەو لاوە، ڕێک وەک ئەوە وایە باسی مردن، کوژران یا تۆپینی ئاژەڵێک بکرێت. سووتاندنی ئۆتۆمبیل و پەلاماردان و هێرشکردنە سەر فرۆشگە و کارگێڕییە حوکوومەتییەکان و ڕاوانی پۆلیس و ڕێپێوان و خۆپێشاندان و هاتوهاوار و دەیان چالاکی دیکە، بەشێکن لە جۆرەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی دەسەڵات، کە یاخیبووانی پاریس ئەنجامی دەدەن. کوشتنی دوو مێردمنداڵی بە ڕەگەز بیانی، تونسییەک و یەکێکی خەڵکی مالی، لە لایەن پۆلیسەوە و هەر لەخۆڕا و بێ هیچ هۆیەک، بوو بە دەسپێکی پێکردنی بزیسکی ڕابوونەکە و هاواری خەڵکی تووڕە بۆ لەکارلابردنی، نیکۆلا سارکۆزی، وەزیری نێوخۆی فرانسا. هەرچەندە دەستپێکردنی ڕووداوەکان بەو جۆرە بوو، لێ لە بنەڕەتدا ڕەگەزپەرستی و بێکاری و پەراوێزاندن، هۆگەلی سەرەکی ئەم یاخیبوونەن و قەیرانی بەرینبوونەوەی جیاوازییە چینایەتییەکان بنەمای یاخیبوونەکەن. لەگەڵ هەموو هەڕەشە و گوڕەشەیەکی "نیکۆلا سارکۆزی"ی وەزیری نێوخۆ و "دۆمینیک دوڤیلپا"ی سەرۆکی حوکوومەتی فرانسا، ڕابوونەکە پتر گەرم دەبێت و تەشەنە دەکات و وا بێجگە لە پاریس، باژێڕەکانی "تولوو" و "لییۆ" یشی گرتووەتەوە. ئەوەی لە پاریس ڕوودەدات، تایبەتمەندییەک نییە، تەنێ پێوەندی بە پاریسەوە هەبێت، بەڵکە دەنگی هەژاران و پەراوێزێنراوان و بێکاران و بیانییانە، دژی سەرمایەداری و دەوڵەمەندان و دەسەڵات و ڕەگەزپەرستی. دەنگێک و تووڕەبوونێک و یاخیبوونێکە، دەبێ هەموو فرانسا و لەوێشەوە هەموو جیهان بتەنێتەوە.

کە ئاوڕێک لە مێژووی ئەم دوا دوو سێ سەدەیەی وڵاتی فرانسا و گەلی فرانسا دەدەیتەوە، ئەوەت بۆ ئاشکرا دەبێت، کە وڵاتی فرانسا بێشەی چەندین ڕابوون و یاخیبوون بووە و کە گەلی فرانسا فرەجار خەڵکێکی پێشەنگ بوونە لە

---

[1]. Maria Schottenius, Paris brinner, Dagens Nyheter 2005-11-07

بەرەوڕووبوونەوەی نادادی و ناڕەوایی و ستەمکاری و چەوساندنەوە و تووڕەهەڵدانی دەسەڵاتداری بەدڕەوتار و بەرەوڕووبوونەوەی دەمکوتکردن و چەپاندن. شۆڕشی فرانسای 1789-1799، کە بە دروشمی "ئازادی، برایەتیی و یەکسانی"یەوە هاتە مەیدان و کۆموونەی پاریسی نێوان مارس- مای 1871، کە شۆڕشگێڕان دەستیان بە سەر دەسەلات و کارگێڕیی پاریسدا گرت و یاخیبوون و ڕاپەڕینی خوێندکاران و لاوانی فرانسای 1968 و بڵندکردنەوەی دروشمی"ئازادی، یەکسانی و هاریکاری"، هەموو بوونە هۆی هەڵتەکاندنی کۆمەڵگەی کۆنی فرانسا و گۆڕینی بۆ کۆمەڵگەیەکی ئازاد و کراوە و یەکسان و سروشبەخشی گیانی شۆڕش و ڕابوون و یاخیبوونیش بۆ گەلانی دیکەی سەر گۆی زەوی. ئەگەر ئەو یاخیبوون و سەرهەڵدانانە خاڵگەلێکی مەزنی وەرچەرخان بن لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، ئەوا فرانسا بێجگە لەوانەش هەمیشە بەخشەری چەندین تووڕەیی و ناڕەزایی و ڕاپەڕین بووە. یاخیبوونی وەرزێر و کارگەر و شۆفێر و فرۆشیار و توێژ و پۆل و چینەکانی دیکەی کۆمەڵگەی ئەو وڵاتە و لە سەردەمانێکی جیاوازدا و ئەم ڕاپەڕینەی ئێستایش، نیشانەیەکی زەقی زیندوویی گیانی یاخیبوونە لە نێو وڵاتێکی زیندوو و گەلێکی زیندوودا. دیارە خاکی بە پیت، بەروبوومی باش وەبەرهەم دێنێت و گەل و خەڵکی ئاگا، کرداری ئاگایانەیان لێ دەوەشێتەوە. کە چەوساوە و ستەملێکراو هەستیان بە دەردەکانی خۆیان و ستەملێکراویی خۆیان کرد و پێیانیان زانی و هۆکارەکانیان دۆزییەوە، ئەودەمی ئیدی بۆ خۆیان تیماری دەردەکانی خۆیان دەکەن.

گەندەڵی و دزی و دەوڵەمەندبوونی ناڕەوا و هەرلەخۆڕا و ڕووتاندنەوەی وڵات و بەشی خەڵک خواردن و ستەم و چەوساندنەوە لە لایەن بەرپرسان و دەسەڵاتداران و سەرمایەدارانەوە لە کوردستان، کاریگەرییەکی ئەوتۆی کردووەتە سەر خەڵک، کە ئەگەر لە ترسی لەکاردەرکردن و نانبڕین و سزادانیدا نەبێت، هەرگیز هیچ گوتوبێژێک و هیچ نێزیکایەتییەک و هیچ پێوەندێک لە نێوان دەسەڵات و خەڵکدا نییە. جیاوازیی چینایەتیی هەمیشە لە بەرینبووندایە و ژمارەی سەرمایەداری تێرە و چاوچنۆکیش بەردەوام لە زیادبووندایە. مشەخۆرانی بازاڕی فەرهەنگ و نووسین، کە کاریان تەنێ دەهۆڵلێدانە بۆ دەسەڵات و لەوەڕین و خۆدەوڵەمەندکردن و دەستگرتنە بە کڵاوی خۆیانەوە و کوێری و لاڵییە لە ئاست هەموو ناڕەوایی و گەندەڵییەکان، ئەوانیش هەرگیز لە کەمبووندا نین، بەڵکە بە پێچەوانەوە و لە سەر حسێبی بێویژدانیی خۆیان، هەر لە زیادبووندان. دەسەڵاتدارانی کوردستان، بەو سامان و پارە زۆرەی لە ژێر دەستیاندایە و ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش لە زیادبووندایە، کار بۆ چینی مشەخۆری سەرمایەدار دەکەن. دەسەڵاتدار و سەرمایەداری لامژی کوردستان، کە ئەوڕۆ هەردوو هاوبەشن لە ڕووتاندنەوە و دزینی وڵاتدا و هەردوو هاوبەشن لە تێکدان و داتەپاندنی ژێرخانی ئابووریی کوردستان و هاوبەشن لە سازکردنی پرۆژەی دژ بە خەڵک و بۆ خێری خۆیان و هاوبەشن لە هێنانەژوورەوەی سەرمایەدار و کۆمپانیای وڵاتگەلی داگیرکاری کوردستان و هاوبەشن لە هەموو تاوانێکدا لە هەمبەر داڕزاوترین چینەکانی کۆمەڵگە، هەرگیز چ کارێکی باشیان لە دەست نایەت و هەرگیز بۆ قازانجی گەل و خاک و وڵات کار ناکەن. تەواوی پرۆژە و ئاوەدانکردنەوەیەک، کە هەردەم و بێشەرمانە بانگاشەی بۆ دەکەن و خۆیانی پێوە هەڵدەکێشن، ئەو پرۆژە و ئاوەدانکردنەوانەن، کە خێروبێری تەنێ بۆ چینی دەوڵەمەندە. ئەگەر وانییە ئەدی ئەو هەموو قەیرانی بێئاوی و بێبەنزینی و بێسووتەمەنی و بێخانوویی و بێ سەدان شتی دیکەیە چییە! ئەگەر وانییە چۆن دەوڵەمەندان و دەسەڵاتداران و دەستوپێوەندەکانیان و ئەوانەیشی وا لە سەر ئەوان دەلەوەڕێن، هەمیشە دەوڵەمەند و دەوڵەمەنتر دەبن! دەسەڵاتداریەتیی کوردستان بە ڕێککەوتن لەگەڵ سەرمادارییی نێو وڵات و سەرمایەدارانی داگیرکارانی کوردستان و کۆمپانیاکانی دیکەدا، هەرگیز بە لای پرۆژە و کارێکدا ناچن، کە ژێرخانی ئابووری کوردستان بنیات بنێت و بنگەی ئابووریی کوردستان دروست بکات، بەڵکە کارەکانیان تەنێ بواری خزمەت و

ڕابواردنی وەک هوتێل و ڕیستۆران و بازاڕ و گازینۆ و ئەوانە دەگرێتەوە، کە هەمووی بۆ خزمەتی دەوڵەمەندان و هاوسامانانی وەک ئەوانە.

پێش ماوەیەک خەڵکی تووڕەی کەلار و گەرمیان و لە پێش هەموویشیانەوە لاوانی خوێنگەرمی ئەو دەڤەرە، ڕابوون و تووڕەیی خۆیان دژی دەسەڵاتداریەتیی ئەو دەڤەرە و دژی گەندەڵی و نەبوونی ئەلەکتریک و نەبوونی ئاو و نەبوونی خزمەتی جڤاکی و نادادی و دژی هەڵسوکەوت و بێڕەوشتیی دەسەڵات و بەرپرسان دەربڕی، لێ بە توندیی لە لایەن دەسەڵاتەوە سەرکوت کران و نەک هەر ئەوە زۆر بە ئاسانییش نێوی ئاژاوەگێڕ و سەرلێشواویان لێ نرا. دەسەڵات بۆ داپۆشینی دزی و ساختەکارییەکانی خۆی و شاردنەوەی هەرچی گەندەڵیی خۆیەتی، نێوی دز و تێکدەری بۆ ئەو خەڵکە بەکار برد. چەند ڕۆژێک پێش ئێستایش لە شاری ئاکرێ یاخیبوونێک دژی دەسەڵات پەیدا بوو و پاش ماوەیەکی کەم دامرکایەوە و بێدەنگ بوو. کە کەلارییان دژی دەسەڵات ڕاپەڕین، پێموابوو ئەمە ئیدی دەسپێکی هەستکردنە بە دەردەکانی خۆیان و ستەملێکراویی خۆیان و ئیدی پێیان دەزانن و هۆکارەکانیان دەدۆزنەوە و ئەودەمیش ئیدی بۆ خۆیان تیماری دەردەکانی خۆیان دەکەن. پێموابوو ئەمە ئیدی دەبێتە بزیسکی ڕاماڵین و گرتێبەردانی دەسەڵاتی گەندەڵ و دەسەڵاتدارانی دز و سەرمایەدارانی چاوچنۆک و مشەخۆری کوردستان. کە ئاکرێیان ڕابوون، پێموابوو ئەوانیش بەدەنگی کەلارییانەوە چوون و هەرچەندە بە گوللە وەرامی کەلارییان درایەوە، لێ خەڵکی بوێری کوردستان لەوە ناترسن و هەموو وێکڕا دەبنە گڕێکی زیندوو، بۆ لەنێوبردنی سەرمایەداران و دەسەڵاتدارانی گەندەڵ. بە ڕاپەڕینی کەلار و ئاکرێ دڵم خۆش بوو و چاوڕوانی بەردەوامییان بووم. کورد زۆر لەمێژە گوتوویەتی:"جام پڕ بوو لێی دەڕژێ" یا "کاسە پڕ بوو لێی دەڕژێ". بە گوێرەی ئەو تیۆرییە دەبوو ئێستا خەڵکی ڕەشوڕووت و چەوساوە و هەژار و لاوان و ژنانی چینە پەراوێزێنراوەکانی کوردستان بە جۆرێ ڕاپەڕیبان، کە هەرچی بنگەی دەسەڵاتە بە سەر دەسەڵاتداران و سەرمایەداراندا بیانڕووخاندبا و هەرچی پرۆژەی بێکەڵک و دزخانە و کارگێڕیی و گەندەڵخانەی وڵاتە کاولیان کردبا. دەبوو بۆ خۆیان کۆنترۆڵی سیاسەت و بازاڕیان کردبا و ئابوورییان بگرتبایەتە دەست. بریا چەوساوان و هەژاران و بەشخوراوان و بندەستان و پەراوێزێنراوان و ئەنفالزادان و مەینەتبارانی گەلی باشووری کوردستان چاوێکیان لە پاریسی گڕگرتوو دەگرت و ئەوانیش ڕادەبوون و گڕیان بەردەدایە هەرچی سەرمایەدار و دەسەڵاتداری دز و گەندەڵ و بێویژدانی کوردستان و پاشکۆکانیشیانە و تەخت و بەختیانیان دەسووتاندن. بریا یاخیبوون هەموو جیهانی دەتەنییەوە و هەرچی جڤاکە سەروبنی دەکرد و سەرلەنوێ جیهانێکی نوێی یەکسان و ئازاد و پڕدادی بۆ هەمووان دابین دەکرد. بەو هیوایەی ئەم گڕەی پاریس هەموو جیهان، بە وڵاتەکەی خۆیشمانەوە (کوردستان) بگرێتەوە.

2005-11-7